


# کوردا



## کورتەی قۆناغەکانی مێژووی کورد

### بۆ قۆناغی تەمەنی هەرزەکار

شێرکۆ عادل دەباغ

لەندەن ٢٠٢٢

دەزگای رۆشنبیریی جەمال عیرفان

بڵاوکراوەکانی دەزگای رۆشنبیریی
جەمال عیرفان ٢٠٢٢

**زنجیرە: (١٠٠)**


بەڕێوەبەری دەزگا:
سیروان حەمەسەعید حەمەخورشید

Tel: 0533202936 07701549509
email: jamalerfan99@gmail.com
jamal erfan cultural foundation
www. jamalerfan.com

ناونیشان: سلێمانی، شەقامی سالم، بەرامبەر ماکسی مۆڵ



# کوردا



## کورتەی قۆناغەکانی مێژووی کورد

### بۆ قۆناغی تەمەنی هەرزەکار

شێرکۆ عادل دەباغ

لەندەن ٢٠٢٢





# کوردا

## کورتەی قۆناغەکانی مێژووی کورد
## بۆ قۆناغی تەمەنی هەرزەکار

نووسەر: شێرکۆ عادل دەباغ

دیزاین:

ئومێد محەمەد

ئامادەکردنی وێنەکان:

سەیران عەبدولڕەحمان

دالیا عارف

لیزا داچن

هونەرمەند: مەریوان جەلال

نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم: ٢٠٢٢

تیراژ: ٥٠٠ دانە

نرخ: ٢٠٠٠ دینار

چاپخانە: تاران







## بەشی یەکەم :


کورتەی قۆناغەکانی مێژووی کوردستان..........................١٠

سەرەتاکانی دروست بوون........................................١٢

چاخی بەردینی کۆن و کۆچ بەرەو زاگرۆس......................١٥

مرۆڤی نیاندۆ لە شارستانیەتی برادۆست.........................١٦

چاخی بەردینی ناوەند..............................................١٧

چاخی بەردینی نوێ.................................................١٨

یەکەمین و کۆنترین داهێنانەکانی خەڵکی دێرینی کوردستان.......١٩


## بەشی دووەم :


بەرەبەیانی خێڵە زاگرۆسیەکان...................................٢٤

شانشینە دێرینە سەرەتایەکان....................................٢٦

سەردەمی گووتیەکان و شانشینەکان..............................٢٧

ئیمپراتۆریەت و شانشینەکان.....................................٢٨

سەردەمی موسوڵمانی..............................................٢٩

سەردەمی ئیمپراتۆریەتی دوو جەمسەری..........................٣٠

سەدەی سایکس پیکۆ...............................................٣١

داگیرکاریەکان......................................................٣٢




## بەشی سێیەم: فەرهەنگۆك


ئاکەنجی و ئاوەیانی................................................٣٤

هوونەری شێوەکاری و گڵێنەی کوردی...........................٣٥

دامەزراندنی ئۆردووگەی سۆمەریەکان..........................٣٦

نووسینی چیلکەیی (مێخی)........................................٣٧

دین و ئاین..........................................................٣٨

جەژنی نەورۆز......................................................٤٠

تێبینی لە سەر وێنەکان و سەرچاوەکانی.........................٤٣



کوردا، گەلەریەکی ووێنەگەریە، کورت کراوەی قۆناغەکانی مێژوی دێرینی کوردستانە، هەوڵێکە بە نیشاندانی تابلۆ و کۆمێنتەکانی بۆ ووێناکردنی رابردووی هەزاران ساڵی ژیانی خەڵکی کوردستان تا بە ئاسانی و بەشێوەیەکی گشتی و کورت کراوەیی قۆناغەکانی مێژوی دێرینی کوردستان نیشان بدرێت بۆ تەمەنی هەرزەکاران

پێشکەشە بە خوێنەرانی بەڕێز و هەموو هەرەزەکاران،
پێشکەشە بە نالی و کەنیشکە و دییە






# بەشی یەکەم:

کورتەی قۆناغەکانی مێژووی کوردستان
سەرەتاکانی دروست بوون
چاخی بەردینی کۆن و کۆچ بەرەو زاگرۆس
مرۆڤی شانەدەر نیاندۆ لە شارستانیەتی برادۆست
چاخی بەردینی ناوەند
چاخی بەردینی نوێ
یەکەمین و کۆنترین داهێنانەکانی خەڵکی دێرینی کوردستان



نەتەوەی کورد لە وولاتی کوردستان کۆنترین گەلی خۆر هەلاتی ناوەڕاستن لە چیاکانی زاگرۆس و دۆلی میسۆپۆتامیا ئەژین مێژویەکی دێرین و درێژیان هەیە کە دەگەڕێتەوە بۆهەزاران سالی ڕابردوو

## ناوی کورد



ناوی کورد لە زمانی کوردی و هەروەها زمانی سۆمەری لە دوو برگە پێک دێت:

کوڕ: واتە شاخ وەک ناوی شاخەکانی کوردستان: کوڕە داوێ، کوڕ کوڕە، کوڕە کاژاو و ناوەکانی تر

دا: پاشگری شووێنە وەک: لە پالیدا، لەویادا، لە ناویدا

هەردووکی پێکەوە ئەبێتە: ( کوڕ + دا ) کوڕدا

واتە: لەپال شاخدا، یان ئەوانەی لەپال شاخدا ئەژین وەک کوێستانیەکان یان شاخاویەکان هەروەها پاشایەکی سۆمەری بە شێوازێکی سیاسی ناوی هێناون بە(کاردا) واتە شووێنی کار گەران لە مێژوی ڕابردووی کۆندا کوردەکان بە زۆر شێوە ناویان هاتوە ئەمەش بەهۆی ناوی ئاینی و سەرکردوە و دەستەلات و شانشینەکانیانەوە بوە وەک: لاولاویەکان، خوریەکان، خەمزەیەکان، مادەکان، کاردۆخیەکان، سوبەرتیەکان و ناوەکانی تر.

مێژووی کۆنی کورد زانراوە لە ئەنجامی دۆزینەوەکانی بەڵگە ئارکۆلۆجیەکانی ناو کوردستان و لیکۆڵینەوەی مێژو نوسەکان و هەروەها بەڵگەکانی وولاتانی دراوسێی کورد و هێرشە داگیرکاریەکانی سەر کوردستان، هەموو ئەمانە بەڵگانە مێژووی دێرینی کوردی پێ ئەناسرێتەوە لە ماوەی هەزاران ساڵی ڕابردوودا لە سەردەمە جیاوازەکان



تەنها لە هەرێمی خـوارووی کوردستان تا ئێستا زیاتر لە سێ هـەزار و پێنج سەد شوێنەواری دێرین دۆزراونـەتـەوە لەگەڵ سەدان توێژینەوە و دەیان کتێب بڵاوکراونەتەوە، هەروەها زانکۆکانی ئەمریکا و بەری تەنیا و ئیتالیا و یابان چەندین وولاتی تر بە بەردەوام کنە و پشکنین ئەنجام ئەدەن



زانای مێژوویی
محمەد ئەمین زەکی بەگ ١٨٨٠-١٩٤٨



زانا و پرۆفیسۆر
جەمال ڕەشید ئەحمەد ١٩٤٦-٢٠١٢




زانای شوویێنەوار
ڕاڵف سوڵکی ١٩١٥-٢٠١٧



زانای مێژووی کۆن
دکتۆر کۆزاد ئەحمەد
لە زانکۆی سلێمانی

# کورتەی قۆناغەکانی

(Cenozoic Era),
65 (+ –)
million years ago
٦٥ ملیۆن ساڵە لە
چاخی جیۆلۆجی
سینە زەویک شوێنی
کوردستان پێک
هاتووە



(Palaeolithic),
0.5 (+ –)
million years
نیوملیۆن ساڵە
مرۆف ژیان
لە کوردستان
ئەگوزەرێنێ



(Upper Palaeolithic
–Acheulian),
100000 – 12000 (+ –)
چاخی بەردینی
کۆن وقۆناغەکانی



(Mesolithic),
12000 –10000
(+ –)
ماوەی قۆناغی
چاخی بەردینی
ناوەڕاست



(Neolithic),
10000 – 7600
(+ –)
چاخی بەردینی
نوێ و
قۆناغەکانی



(Chalcolithic)
Early Zagros
Tribes,
5600 – 3500
(+ –) BC
چاخی بەردینی
کانزایی و
قۆناغەکانی
خێڵە زاگرۆسیە
سەرەتایەکان




# مێژوی کــوردســتان

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| (Early kingdoms), 3500 – 2195 (+ –) BC<br>سەردەمی شانشینە سەرەتایەکان | 2195 –1595 (+ –) BC<br>سەردەمی گووتی و شانشینە دێرینەکان | 1595 (+ –) BC – 637(AD)<br>سەردەمی ئیمراتۆریەت و شانشینەکان | 637– 1514 (+ –)(AD)<br>سەردەمی شانشینی ناوخۆیی موسوڵمان | 1514 – 1917<br>سەردەمی ئێماراتە دوو جەمسەریەکان | 1917 – تا ئێستا<br>سەدەی سایکس–پیکۆ |



sherkoedel@hotmail.co.uk






# سەرەتاکانی دروست بوون



لیکۆڵەنەوەی زانایانی گەردون و جیۆلۆجی و زانستەکان گەیشتونەتە ئەودەرئەنجامەی لە ماوەی زیاتر لە ١٣ ملیار ساڵی ڕابردودا بۆشایی ئاسمان و گەلە ئەستێرەکان لە پڕۆسەیەکی درێژ خایەن پێک هاتون و لەناویشیاندا ئەستێرەی زەوی کە بە ماوەی زیاتر لە ٤ ملیار ساڵ پێک هاتوە و بەچەندین قۆناغ و سەردەم و چاخدا تێپەڕیوە و گاز و شلەمەنی و ئاو و ئۆکسجین و وشکانی پێک هاتون سەرەتا وشکانی یەک کیشوەری بوە و ناونراوە ( پەنجایە ) و پاشتر بەسەدان ملیۆن ساڵ لێک جیابونەتەوە و کشوەرەکانی ئەمڕۆی لێپێک هاتوە و گیانداران دروست بون و هەدیکیان لەناوچون و مرۆفیش لەناویانا بالادەستە.






## شوێنی کوردستان

دروست بوونی شووێنی کوردستان ئەگەڕێتەوە بۆ دەوروبەری چاخی جێۆلۆجی سینەزەویک لە ماوەی ٦٥ ملیۆن ساڵی ڕابردوو، ئەودەمەی هەردوو کیشوەری ئاسیاو ئەفریکا لەماوەی درێژخایانی ملیۆنان ساڵدا هەردوو کیشوەرەکە بەیەکدا هەڵشاخاون و پێکەوە نووساون و لەم بەریەکەوتنەدا زنجیرە چیاکانی زاگرۆس و دۆڵی میسۆپۆتامیا دروست ئەبن کە ناسراوە بە کوردستان.




نەخشەی مۆدێرنی جیهانی بە هۆکاری سیاسی و لە ئەنجامی بەڵێنامەی سایکس پیکۆدا ناوی کورد و هەروەها نەخشەی کوردستان لابراوە و وولاتی کوردستان خراونەتە سەر وولاتانی مۆدێرنی تازە دروست کراوی هاوچەرخ لە دراوسێکانی کوردستان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست: ئیراق و ئێران و تورکیا و سووریا

## سروشتی کوردستان


ناوچەی شاخاوی و ئەشکەوت، چەم و ڕووباری ئاوی شیرین، دەشت و دارستان و باخی بەردار، گیانداری کێووی و باڵندە، کەش و بای لەباری وەرزەکانی ساڵ، هەموو ئەمانە وای کردوە مرۆڤە کۆنە سەرەتاییەکان ڕوو لە شاخ و ئەشکەوتەکانی کوردستان بکەن لە چیاکانی زاگرۆس بژین و هەروەها وەک وویستگەیەک لێوەی ڕوو بکەنە خۆر هەڵات و خورئاوای گۆی زەوی و بڵاوببنەوە ئێستای سروشتی مۆدێرنی کوردستان زتاتر لە پێشوتر بە نرخترە بە هۆی دۆزینەوەی دەریای گەورەی نەوت لەژێر زەویەکانیدا و هەروەها بەهۆی بوونی سەرچاوەی ئاوی گرنگی ڕووبارەکانی میسۆپۆتامیا و چەمەکانی زاگرۆس لە ئاوی سازگارو بەفری شاخەکانی.

# سەرەتای ژیان لە کوردستان



## شارستانیەتی ئەشکەوت لە چاخەکانی بەردین

ئەشکەوتی شاخەکانی کوردستان یەکەمین و کۆنترین مەڵبەندی ژیانی مرۆڤی سەرەتایە لە خۆر هەڵاتی ناوەڕاست، لە ماوەی نیوو ملیۆن ساڵی ڕابردوو لە چاخەکانی بەردینی کۆن مرۆڤی نیاندەرتال و مرۆڤی هۆمۆ سەی پیەنس تیایدا ژیاوە و هەروەها بە لێکدانەوەی زانستی ئەشێ مرۆڤی دینی سۆفان هەبوو بێت کە جۆرێکە لە نێوان هەردوو مرۆڤی پێشوتر ژیاون




ماوەی نیو ملیۆن ساڵەبێت مرۆڤی سەرەتایی هاوشێوەی نیاندارتال و پاشتر مرۆڤی ژیری سەرەتایی لە کشوەری ئەفریکاوە پەڕیونەتەوە بۆ شاخەکانی کوردستان و تیایدا ژیاون





## چاخی بەردینی کۆن

Palaeolithic

Upper Palaeolithic – Acheulian

(+ –) ١٠٠٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر

لە قۆناغەکانی

چاخی بەردینی کۆندا

( ئاشوولی ) لە ئەشکەوتەکانی کوردستان مرۆڤی نیان دەرتال ژیاون بە نمونە:

( + –) ١٠٠٠٠٠ساڵ لەمەوبەر مرۆڤی نیاندەرتال لە شوێنەواری بەردە بالاکەی نزیک چەمچەماڵ

٨٠٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر لە شیوە توو لە مهابات، کاگیا لە کرماشان

٦٠٠٠٠ سال لەمەوبەر لە ئەشکەوتی شانەدەر لە برادۆست

٥٥٠٠٠ هەزار ساڵ لەمەوبەر لە ئەشکەوتەکانی قومری و گراجنە و سنگی و کنجی و ئەوانەی تری خۆرهەڵات لە شاخەکانی زاگرۆس

٤٥٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر لە ئەشکەوتی هەزار مێرد لە نزیک شاری سلێمانی، بێستوون، تەم تەمە، وارسی لە کرماشان ئەشکەوتەکانی دیان و بەستونی نزیک شاری سۆران لە قۆناغی مستیری لەگەڵ چەندین ئەشکەوت و شوێنەواری تر.











# مرۆڤی شانەدەر: نیاندۆ شارستانیەتی برادۆست خەلکی ئەشکەوت



ڕاڵف سوڵکی: ١٩١٥–٢٠١٧ لیکۆڵەرەوەی کنەوپشکنینی ئارکۆلۆجی لە زانکۆی کۆڵۆمبیای ئەمریکی و بەڕێنمایی زانای ئارکۆلۆجی خاتوو گاردۆ لەگەڵ تیمی هاوکاری و هەروەها یاری دەدەری (ئەحمەد یەزیدی ) و کرێکارەکانی لەوانە: (مەمەند شوانی) توانرا لە ماوەی ١٩٥١–١٩٦٠ بە هاوکاری خێزانەکەی ڕۆزا لە ئەوشکەوتی شانەدەر مەنزڵگای سەرەکی مرۆڤی نیاندەرتالەکان بدۆزنەوە لەگەڵ بەدەرکەوتنی چەندین ئێسکە پەیکەری خێزانێکی گەورەی نیاندەرتالی بەر لە ٦٠–٨٠ هەزار ساڵی لەمەوبەر نهێنیەکانی چاخی بەردینی کۆنی ئاشکراکرد و پاشتر لە ساڵی ١٩٧١ دا کتێبێکی لەسەر نوسی بەناوی: (شانیدار یەکەمین خەڵکی گوڵ)، کە ناوی: (نیاندۆی) بەخشیە مرۆڤی نیاندەرتالەکان و خێزانەکەشی: ڕۆزا ناساندی بە (چاخی برادۆستی )، شارستانیەتی برادۆستی ی خەڵکی ئەشکەوت.






مەمەند شوانی





# چاخی بەردینی ناوەڕاست
# Mesolithic

(+ –) ١٢٠٠٠ – ١٠٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر
مرۆڤی ژیر لە کۆتایەکانی چاخی بەردینی کۆن و هەروەها چاخی بەردینی ناوەڕاست بەکۆمەڵ و بەرفراوانتر ژیاون لە ئەشکەوت و شوێنەوارەکانی شاخەکانی کوردستان لەوانە: کون و شوێنەوارەکانی زارزی لە چەمی ڕەزان، پاڵە گەورە لە بازیان، شمشارە لە پشدەر، کەریم شایەر لە چەم چەماڵ، زەوی چەمێ لە شانەدەر، ئەشکەوتی شوش، گرێ نافۆکی لە ئوڕفە، شێخەباد لە نزیک شاری کرماشان چینەکانی ژورووی ئەشکەوتی شانەدەر و هەزار مێرد لەگەڵ چەندین ئەشکەوت و شوێنەواری تر کە ناکرێ لێرەدا هەمووی بنووسرێ.







# چاخی بەردینی نوێ Neolithic

(+ –) ١٠٠٠٠–٧٦٠٠ ساڵ لەمەوبەر

مرۆڤی ژیر: لە دەوروبەری: + – ١٠٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر توانرا لە ئەشکەوتەکانەوە ڕووبکەنە دەشت و دۆڵەکان و یەکەمین و کۆنترین لادێ دروست بکەن، توانرا ماڵ و خانوو دروستکەن و خێزان پێک بینن کەناسراون بە لادێی سەرەتایی یان کۆمۆنی سەرەتایی: لە نمونەی: بێستان سوور لە شارەزوور، شێخەباد لە نزیک کرماشان چینەکانی (B–G)، چەرمۆ لە چەمچەماڵ، سەنگەسەر لە حەوزی بەنداوی حەمرین لە گەرمیان، نەمریک لە نزیک شاری دهۆک، گردی باب و کوڕ لە دەشتی بتوین، سیال خووری لە لوڕستان، قەلا گچکە لە ناو شاری هەولێر، باس موسیان لە دەشتی بتوین، خەزنە لە سەر خاپوور، تەپە سەراب لە کرماشان، گوبکی تەپە لە ئورفە، تەپە گۆڕان لە لۆرستان، گەنج دەرە لە کرماشان، چاپۆنۆ لە دیار بەکر، نەفلی چوری لە ئورفە، لەگەڵ سەدان شوێنەواری تر کە هێشتا پشکنەنیان بۆ نەکراوە لە شاخ و دۆڵ و دەشتەکانی کوردستان.







# چاخی بەردینی کانزایی

## خێڵە سەرەتایەکان و داهێنانەکانیان
## Chalcolithic
## (+ -) ٣٥٠٠-٥٦٠٠ پێش زاین

مرۆڤی ژیری هاوچەرخ لە کوردستان بەهۆی زۆر بوونی دانیشتوانەوە خێڵی گەورەی ناوچەیی دروست بوون و دەستەڵاتی ناوخۆییان پێکهێناوە، بە گشتی خەریکی کشتووکاڵ و گیانداری و پیشە سازی سەرەتایی و بازرگانی بوون: شەمشارە لە ڕانیە، داڵمە لە وورمێ، حاجی فەیروز لە ئورمیە، قوڕوشینە و کەمەریان و گردی دێم لە ڕانیە، چۆغ ماغە لە مەندەلی، گۆزەنە(خەلەف) لە سەرێ کانی، گردی بەگم لە شارەزوور، قلینج ئاغا لە هەولێر، گردی حەسەن لە حەمرین، تەپە گەورە لە سەرو هەولێر و نزیک نەینەوا، گۆدین لە کرماشان، دوانزە ئەمام لە شارەزوور، لەیلان لە خاپوور، شەنگار و شنۆ و لەگەل سەدان شووێنەواری تر لە کوردستان

**لیستی داهێنانەکانی خەڵکی کۆنی کوردستان**
**یەکەمین و کۆنترین داهێنانەکانی شارستانیەتی**
**خەڵکی دێرینی کوردستان لە چاخی بەردین و هەروەها کانزایی**
**لێکۆڵینەوە ئارکۆلۆجیەکانی زانکۆ و مۆزەخانەکانی کوردستان و زانکۆکانی جیهان، توانیویانە یەکەمین و کۆنترین داهێنانەکانی شارستانیەتی سەرەتایی خەڵکی دێرینی کوردستان بەدیارخەن:**

**یەکەمین لادێ کۆنترین شووێنی نیشتەجێ:**
١– دروستکردنی کۆنترین کەپر و شوێنی نیشتەجێ لە سەر زێی گەورە ١٢٩٠٠ ساڵ لەمەوبەر.
٢–یەکەمین و کۆنترین گوند لە بێستان سوور، چەرموو، شەم شارە ١٠–١٢هەزار سال.
٣–کۆنترین دیوار و خانووی لە قوڕ دروستکراو ؛ چەرموو، شەم شارە١١٦٠٠سالی پێشوو.
٤–رەنگ کردنی دیوی ناوەوەی ژوور چەرمۆ ، نەمریک ، هەللان ، مولەفعە ، گەنج دەری ، چۆغمەمی
٥–کۆنترین باڵەخانەی دوو نهۆمی: گەنجی دەرە لە ڕۆژ هەلاتی کوردستان
٦–یەکەمین هەیوان لە تەبی گەورە
٧– یەکەمین تاقی بەردین لە باکوری کوردستان
٨– یەکەمین لوولەی ئاوەڕۆی مالان لە گوندی گردی کوتان
٩–بەرد ڕێژ کردنی کۆلانی بەرمالان: ئەوپەچیە لە باکوور.





**شۆڕشی کشتووکاڵی: چاندن و ڕواندن**

١٠-یەکەمی هەوڵی چاندنی دانەوێڵە: بێشتان سوور، چەرمۆ، شەمشارەزیاتر لە ١٢٠٠٠٠ساڵ

١١-ئەمارکردنی دانەوێڵە:چایۆنۆی ئامەد دیاربەکر

١٢-یەکەم و کۆنترین هەوڵی ئاودێری بەبێ پشتبەستن بە باران لە چۆغی مامی -مەندەلی.

١٣-ووشـک کـردنـەوەی میوە و سەوزە بۆ زستان

١٤-دروست کردنی شەرابی ترێ و خۆشاوی مێوە

**ماڵی کردنی گیانداران:**

١٥-ماڵی کردنی گیانداران و بەخێوکردنیان: چەرمووله چەمچەماڵ، بێستان سوور لە شارەزوور.

١٦-دروستکردنی تەویلە بۆ گیانداران بەچیغ و قوڕ و بەرد لە چەرموو، بیستان سوور.

١٧-هەڵواسینی سەرەگا بە دیواری ماڵاندا لە گەنج دەرەی کرماشان.

١٨-هەڵکۆڵینی ووێنەی ئاژەڵی سەر دیواری بەردین لە شارەزوور گوندی کەورە گەورە.

١٩-کۆنترین تۆڕی ماسی لە شارەزوور بێستان سوور. ١١٨٥٠ سال لەمەوبەر





**یەکەمین پیشەسازی سەرەتایی:**

٢٠-پیشەی بەردسازی بۆ دروست کردنی چەقۆ و تەور و داسی بەردین لە بەردە باڵاکەی چەمچەماڵ
بەر لە ١١٠ هەزارساڵ لەمەوبەر لەسەر دەستی نیاندەرتاڵەکان.
٢١-کۆنترین و باشترین داسی بەردین لە گوندی چەرمۆ لە چەم چەماڵ.
٢٢-کۆنترین دەفری لەبەرد دروست کراو لە چەرمۆ لە نزیک چەمچەماڵ.
٢٣-کۆنترین قاپ و کەچک و پێخۆری ڕۆژانە بەکار هاتوو لە گوندی چەرموو، نەمریک.
٢٤-یەکەمین و سەرەتایی ترین پێداویستیەکانی ناوماڵ: لە ئاگردان، تەنوور، سەکۆ لە چەرمۆ.
٢٥-بەکار هێنانی گوێچکەماسی کونکراو بۆ ملوانکە و خشڵ لە هەللانی بۆتان.
٢٦-بەکارهێنانی مسی خاو وە بەردی ئۆبزیدی لە هەللانی بۆتان.
٢٧-یەکەمین تەشی ڕستن لە گوندەکانی: چەرمۆ و گوندی هەللانی بۆتان.
٢٨-نەخشاندنی ووێنەی سەر دەفر و قاپ و گۆزە: نەمریک، چەرمۆ، هەللان.
٢٩-یەکەمین سوورکردنەوەی کاری قوڕکاری و ڕەنگ کردنی لە چەرمۆ، بێستان سوور.
٣٠- پیشەی کوتاندنی سارد بۆ کانزا: بۆ دروستکردنی مێخ، ئەڵقە، قولاپ لە چایۆنۆی ئامەد.
٣١- یەکەمین جار توانراتەکنیکی جیاکردنەوەی ئەردی ژوور لە زەوی چاپۆنۆلە ئامەد.
٣٢-یەکەمین دیوەخانی گشتی دانیشتنی خەڵکی لە چاپۆنۆی ئامەد بوە.
٣٣-شورای ماڵ و دێ و شوینی چونە ژورەوەی پێچاوپێچ لە چۆغەمامی.
٣٤-کۆنترین بەردی دۆزراوەی لازۆ لاجیوە لە دەشتی شەنگار.
٣٥-کۆنترین تەوری مس لە ڕۆژهەڵاتی دجلە خوار دهۆک.
٣٦-یەکەمین دەفری میوەی بەپێوەڕاوەستاو لە: حەمرین.
٣٧-یەکەمین سەبەتەی حەسیری و ڕاخەری حەسیری لە زەوی چەمێ لە شانەدەر.
٣٨-چەقۆی تەڵەزمی بەردە ئەسێ لە شانەدەر.
٣٩-کۆنترین ملوانکەی پیاوان و ژنانە لە زەوی چەمێ لە شانەدەر.
٤٠-کۆنترین پیشەی دانەوێڵە هاڕین لەسەر بەرد لە زەوی چەمێ لە شانەدەر.
٤١- دەرزی و سوژن و مێخ لە ئێسک و بەرد دروست کراو لە کەریم شایەری چەم چەماڵ.
٤٢-یەکەم جار هاوردەکردنی قیر لە گەرمیانەوە بۆ دەسکی تەوردروستکردن لە چەرموو.
٤٣-یەکەم جار بۆ هاوردەکردنی شوشەی گڕکانی ئۆبزیدی لە وانەوە بۆ ناوەڕاستی زاگرۆس
٤٤- ڕاهێنانی ئەسپ و دروست کردنی عەرەبانە چەرخەلەی دارینە و پاشتر ئاسنینی تایەکانی لە سانشینەکانی باکوور لە پێش مێژوودا بووە.

**کۆنترین چالاکی دینداری و خواپەرستی لە پەرستگادا:**

**٤٥-یەکەمین و کۆنترین چالاکی دروستکردنی پەرستگای کراوە لە گرێ نافۆکی ی ئورفە**

**٤٦-کۆنترین پەرستگای سەرداخراو وەک هۆڵ لە: ئامەد دیاربەکر باکوور.**


**٤٧-هەلواسینی سەرگا بە پەرستگاکاندا لە گەنج دەرەی کرماشان.**

**٤٨-یەکەمین و کۆنترین نەریتی ناشتنی مرۆڤ و بەگوڵ ڕازاندنەوەی لە سەردەمی نیاندەرتال**

**٤٩-کۆنترین چالاکی فیستفاڵی ساڵانەی ئاینی لە بەهاراندا بوە و پاشتر بۆتە جەژنی دینداری میسۆپۆتامیا و زاگرۆسیەکان**

**وە سۆمەریەکان جەژنی دینگەری سەری ساڵ لە سەرەتای بەهاردا بە زاگ موگ ناویان هێناوە کەدەکاتە ( زگماک) ی ئەمڕۆمان بەواتای لەدایک بوونی سروشتی و ئێستا بۆتە ڕۆژی نەورۆزی نەتەوەیی.**

**٥٠-بۆیەکەم جار دینداری کوردەکان بووە پێشەنگی فکری ڕۆژ هەڵات و ڕۆژ ئاوای سەرگۆی زەوی: دینی زەردەشتی لەسەردەمی ساسانی بوە ئاینی ڕۆژهەڵاتی و دینی میتانی خۆریەکان بوە ئاینی ئەوروپی و ڕۆمانیەکان بۆ ماوەی چەندین سەدە ئەقڵی بەشەریتیان بەڕێوە بردوە.**





## بەشی دووەم:

بەرەبەیانی خێڵە زاگرۆسیەکان
شانشینە دێرینە سەرەتایەکان
سەردەمی گووتیەکان و شانشینەکان
ئێمپراتۆریەت و شانشینەکان
سەردەمی موسوڵمانی
سەردەمی ئێمپراتۆریەتی دوو جەمسەری
سەدەی سایکس پیکۆ
داگیرکاریەکان




# بەرەبەیانی خێڵە زاگرۆسیەکان


# Early Zagros Tribes

## (+ -) ٧٦٠٠-٣٥٠٠ پێش زاین

## چاخی بەردینی کانزایی



خێڵە سەرەتاییەکانی سوئی لە هەرێمەکانی (سوبەرتو–سوپەرەکان)و خەمازی (خەمزەیی)و هورومی (هەورامی) و کاکومی و توروککویی و پیشیندەری (پشدەری)، هەروەها خێڵە گووتیە سەرەتایەکان لەخوارووی کوردستان و خێڵەکانی خوریەکان لەژوور و رۆژئاوای کوردستان مرۆڤی






ژیری هاوچەرخ بەهۆی زۆر بوونی دانیشتوانەوە خێڵی گەورەی ناوچەیان لێ دروست بوون و دەستەڵاتی ناوخۆییان پێکهێناوە، بە گشتی خەریکی کشتووکال و گیانداری و پیشە سازی سەرەتایی و بازرگانی بوون: شەمشارە لە ڕانیە، داڵمە لە وورمێ، حاجی فەیروز لە ئورمیە، قوڕوشینە و کەمەریان و گردی دێم لە ڕانیە، چۆغ ماغە لە مەندەلی، گۆزەنە(خەلەف)لە سەرێ کانی، گردی بەگم لە شارەزوور، قالینج ئاغا لە هەولێر، گردی حەسەن لە حەمرین، تەپە گەورە لە سەرو هەولێر و نزیک نەینەوا، گۆدین لە کرماشان، دوانزە ئەمام لە شارەزوور، لەیلان لە خاپوور، شەنگار و شنۆ و لەگەڵ سەدان شووێنەواری تر لە کوردستان.

Subartu : Su-bir4/Subar/Šubur

سوبەر ، سوپەر : سۆبارتۆ

سۆبەرتۆیەکان



: Si-mu-ur-ri-im

شیموری ( شەمێرانیەکان )

گۆتیەکان





GU

TI

UM

لاولاویەکان





LU

LU

BI

خەمزەی




HA

MA

$ZI_2$





SATUNI

ساتوونی سەرکردە
ڕابەری لاولاویەکان
کە ڕووبەڕووی نارام سین بۆوە

## سەردەمی شانشینە دێرینەکانە سەرەتایەکان
## Early Zagros kingdoms
### (+ -) ٣٥٠٠ – ٢١٩٥ پێش زاین

شانشینی کاکموم، شانشینی سیموڕیەکان، شانشینی لاولاویەکان، شانشینی خەمازیەکان، شانشینی ئاوان، وە شانشینەکانی تۆرکۆیش و ئۆرکیش و وە باکوریەکانی ڕۆژ هەلات لە (سەردەمی ئەکەدی)دا



: An–nu–ba–ni–ni
ئانوبانینی پاشای مەزنی لاولاویەکان





TARDONY
پاشا تاردۆنی لاولاویەکان
کوڕی پاشا ئیکی مەزن

# سەردەمی گووتیەکان و شانشینەکان
## (+ -) ٢١٩٥ – ١٥٩٥ ی پێش زاین

سەردەمی گوتیەکان (گوتی–سۆمەری) وەهەروەها لەگەڵ شانشینەکانی: سیما نۆم، ئور کیش، ناگار، کاکومی وە سیمورڕی لە گەرمیان، و لاولاوی لە سلێمانی، وە پیشێندەری لە پشدەر و زازیای توروککویی لە ڕانیه و هەروەها کوردا لە لە خواروی وان




تیرەگان دواهەمین پاشای سەردەمی گۆتی – سۆمەری







لاوکەڵ ئانە تووم
شای گۆوتیەکان
پاشای ئۆروگای ئوومای سۆمەری
٢١٣٠ پێش زاین






'La-eraab, great King of Gutiim' ( la-e-ra-ab da-num lugal gutiim)

نەخشی پاشای مەزنی گۆوتیەکان لاوکەڵ لا ئێراب







## سەردەمی شانشین و ئیمپراتۆریەتەکان
## (+ -) ١٥٩٥ی پێش زاین بۆ ٦٣٧ی پاش زاین

لەگەڵ بوونی چەندین شانشینی وەک ئۆراتۆیەکان و مانیەکان و هازەبانیەکان و خۆریەکان و گۆتیەکان، هەردوو ئیمپراتۆریەتی میتانی لە باکور و ناوەڕاست و هەروەها کاشیەکان لە ناوەراست بۆ خوارەوەی میسۆپۆتامیا بۆ ماوەی چەندین سەدە گەورەترین دەسەڵاتیان هەبوە وە لە پاش کۆتایی داگیرکاری ئاشوریەکان ئیمپراتۆریەتی مادەکان درێژە ئەکێشێ و لەپاش داگیرکاری فارس و گریک و سەقزیەکان ئیمپراتۆریەتی ساسانیەکان دائەمەزرێت بۆ ماوەی چەندین سەدە تا ساڵی ٦٣٧ی پاش زاین.



پیرەمەگرون









## سەردەمی شانشینی موسوڵمانی
## (+ -) ٦٣٧ – ١٥١٤ ی پاش زاین

لەپاش هێرشەکانی ئۆردووی جزیرەی عەرەبی و وەلاخستنی ئاین و کلتور و نوسین و زمانی کوردی کۆن، سەردەمی ئیسلامی دەست پێدەکات و دەستەڵاتە موسوڵمانیە ناوخۆیەکان پێک دێن :
ڕەوادی، شەدادی، مەروانی، ئەیوبی، حسنەوی

هەروەها جینۆ سایدی مەغۆلەکان لەدەورانی دەوروبەری ١٢٥٨ ی پاش زایین ڕویداوە.











## سەردەمی ئیماراتە دوو جەمسەریەکان
## (+ -) ١٥١٤ — ١٩١٧

لەم سەردەمەدا کوردستان لەژێر ڕکێفی دوو داگیرکاری (فارسی سەفەوی) و (تورکی ئوسمانی) ئەکرێنە دوو پارچەی گەورە و ئیماراتە ناوخۆیەکان پێک دێنن لە نمونەکانی: ئیماراتی بابانیەکان، ئیماراتی ئەردەڵانی، ئیماراتی جزیرەیەکان لەباکور، ئیماراتی لوڕیکان، لەگەڵ ئیماراتەکانی تر.





## سەدەی سایکس - پیکۆ
## (+ -) ١٩١٧- تا ئێستا

لە پاش جەنگی جیهانی یەکەم داگیرکاری ئەوروپیەکان دەستی پێکرد : فەڕەنسی و ئینگلیزەکان بەهاوکاری سەرانی ناوچەکە لە ( عەرەب و تورک و فارس )، کوردستانیان کردە چوار پارچەی دابەشکراو وە پڕۆسەی سڕینەوە و جینۆسایدکردن سەپینرا بەسەریاندا، لە بەرامبەردا خەڵکی کوردستان





بەردەوام لە شۆڕش و
بەرەنگاربونەوەدا بوون و قوربانیان داوە بۆ سەربەخۆیی
: حکومەتی کوردستان لە سلێمانی ١٩٢٠، کۆماری سوور
لە باکور ١٩٢٩، کۆماری مەهابات لە ڕۆژهەڵات ١٩٤٥، حوکمی زاتی لە باشور ١٩٧٠، ڕاپەڕین و حکومەتی هەرێمی کوردستان١٩٩٢– ١٩٩١، ئیدارەی هەرێمی ڕۆژئاوا ٢٠١١، لەگەڵ چەندین شۆڕش و ڕاپەڕین لەشار و شاخەکانی زاگرۆس میسۆپۆتامیا ی کوردستان بەردەوامە.









# داگیرکاریەکان

بە هۆی گرنگی جۆگرافی و هەروەها مێژووی کۆنی ناوچەی خۆر هەڵات و کوردستان بەردەوام لە مێژووی کۆنەوە ناوچەکە و کوردستان لەبەردەم هێرشی داگیرکاری بوە و زۆرجار جینۆساید کراوە خەڵکەکەی، لەسەردەمی کۆنەوە ئەکەدی و ئاشوری و ئاموریەکان لە خوارەوە هێرشیان هیناوە و عەرەبەکانیش شووێن پێیان کەوتون، لە خۆر هەلاتەوە پارسەکان و ئەشکانی و ئەخمینیەکان هێرشیان هێناوە و فارسەکان شووێنیان گرتونەتەوە و بەدوایاندا مەغۆلەکان هاتوون، سەقزی و یۆنانی و ڕۆمانیەکان لە داگیرکاریەکانی خۆر ئاوابون و لەسەردەمانی نوێدا تورکەکانن شووێنیان گرتونەتەوە لە داگیرکاری، تا سەدەی ڕابردوو لە فەرەنسی و ڕوسی و ئینگلیزی ولەشکریان هێناوەتە سەر کوردستان و پارچەپارچییان کردوە .
















## بەشی سێیەم


# فەرهەنگۆك





# ئاکەنجی و ئاوەیانی

بەڵگە زانستیەکانی لێکۆڵەرەوەکان سەلماندویان لە ماوەی سەد هەزارساڵ زیاترە لە کوردستان ئاوەیانی و ژیان بەردەوامە، لە ئەشکەوت و قەڵا (کەڵا) و گووند و شارەکان هەزاران ساڵە ژیان بەردەوامە تیایدا گەرچی لە هێرش و کاولکاری بێبەشنەبوون.











# هوونەری شێوەکاری و گڵێنەی کوردی

## کۆنترین و سەرەتایی ترین بەرهەمی هونەری دەستی

مەڵبەندەسەرەکیەکەی شاخەکانی زاگرۆس و دۆڵی میسۆپۆتامیای کوردستان بوو لە ماوەی چەندین هەزارساڵی ڕابردوو پێداویستیەکانی ڕۆژانەی خەڵکی لە گڵێنە و بەرهەمە هوونەریەکان و تابلۆ و پەیکەری سەرشاخەکان بەرهەم ئەهێنران و چەندین شاکار و بەرهەمی دەست ڕەنگین کە تا ئێستا بە شاخەکانەوە ماونەتەوە و گڵێنەکانیش لەسەر سەکۆی مۆزەخانەکان نیشان ئەدرێن.















# دامەزراندنی ئۆردووگەی سۆمەریەکان



## کۆچی ئۆردووی خێڵە کۆنەکان بەرو خوارەوەی میسۆپۆتامیا

لە ئەنجامی زۆر بوونی دانیشتوان و کەمی بەرهەم هێنان و هۆکارەکانی کۆچ کردن خەڵکی لە شاخەکانی زاگرۆسە وە بە کەنارەکانی هەردوو ڕووباری میسۆپۆتامیا شۆڕ بوونەتەوە بۆ دەشتە گەرمەکانی خواروی میسۆپۆتامیا و نیشتەجێ بون، و کۆمۆنی سەرەتاییان پێک هێناوە، هەر گروپە لە ناوچەیەک توانیان هاوشێوەی خێڵەکانی کوردستان ئۆردووگای سەربەخۆ پێک بێنن و شانشینی پێک بێنن و شورا بۆ شارەکانیان دروستکەن لە پڕۆسەیەکی چەند سەد ساڵی دا توانراوە لە خوارووی میسۆپۆتامیا چەندین ئۆردووگا دروستکرێ کە بە شارە دەوڵەتی سۆمەریەکان ناسراون کە لە مێژووی شارستانیەتی مرۆفایەتی ناسراوە بەیەکەمین و کۆنترین شارستانیەت لەسەر گۆی زەوی، تیایدا توانیان داهێنانی نوسین بکەن و پیشەسازی و بازرگانی ناوخۆیی و دەرەکی بەروپێش بەرن و چەندین ئۆردووگە دروستکەن و ببنە سەرچاوەی کلتوری ئاینی بۆ میسۆپۆتامیا و زاگرۆسیەکان و هەموو ناوچەی خۆر هەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی کۆن، سۆمەریەکان و بەخۆیان ووتوە : کی ئین جی، واتە کەیانجێ یەکان، وە ئەکەدیەکان پێیان ووتون شومێر واتە ( میرزا )، لە دەوروبەری ٢٨٠٠ ساڵ بەر لە زاین شارە دەوڵەتیەکانیان پێک هێناو و گەورەترین داهێنانیان ئەنجام داوە، لە پاش چەندین سەدە و لە ئەنجامی هێرشکاری کۆتایی بە دەستەڵاتی سۆمەریەکان هات لە سەرەتای هەزارەی دووەمی پێش زاین ٢٠٠٤ سۆمەریەکان بەرەو شاخەکانی زاگرۆس هەڵهاتن و خەڵکەکەی ساڵ بەساڵ لە پاشەکشەدا بوون و کۆچیان کردوە بەرەو ناوەڕاستی زاگرۆس-میسۆپۆتامیا لە ترسی هێرشە داگیرکاریەکانی ئەکەدی و ئاشوری و ئاموری و ئەوانی تر لە خێڵی دەشتەکی بیابانی.





ناوی سۆمەریەکان

Akkadian: 𒋗𒈨𒊒 šumer


سومیر:سۆمەر(بەزمانی ئەکەدیواتە):میرزا

𒆠𒂗𒄀, ki–en–gi: کی ئین جێ

کەیانجێیەکان

بەزمانی سۆمەری واتە :

خانەیانی جەحێڵی قامیشەڵیی



| کوردی | Kurdish | 3000 BC | 2800 BC | 2500 BC | 1800BC | 600 BC | sumerian سۆمەری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئاسمان | asman(sky, heaven) | | | | | | an (sky, heaven) |
| جێ | Gi ( place,earth, land, country,ground) | | | | | | ki (place; ground, earth, land, country) |
| لاو | Lu ( man, person, ruler, young man) | | | | | | lu (who(m), which, man, ruler, person) |
| مێینە | Meune-meunes: (women, lady, female) | | | | | | munus (woman) |
| کوڕ | Kur: mountain | | | | | | kur (underworld,land, country, mountain(s), east, east wind) |
| سەر | Sar (head, each one, person) | | | | | | saĝ (head, person, capital) |
| خارن | ka-rn ( eat, food) | | | | | | kag (mouth) |
| نان sh-20 | Nan ( bread, food) | | | | | | ninda (bread, food) |

قۆناغەکانی پێشکەوتنی نوسینی چیلکەیی(مێخی)و بەراوردی بڕگەی‌سۆمەری بەکوردی

## نووسینی چیلکەیی (مێخی)

پێش داهێنانی نووسین لە کوردستان، دانیشتوانی خەلکی زاگرۆس و میسۆپۆتامیا و ناوچەکە خڕیلەیان بەکارهێناوە لەبری ژماردن و ناسینەوەی شتومەک، پاش هەزاران ساڵ هەوڵدارا بۆ دروستکردنی بۆڵە کە خڕیلەکانی تێ ئەکرا وەک فلاش میمۆری ئەپارێزران، پاشتر لەسەر پارچە قووڕ پرێس ئەکرا بۆزانینی چیان هەیە و چەندە، پاشتر دەوروبەری ٥٥٠٠ ساڵ لەمەوبەر بە چیلکە نووسین لەسەر قوڕ دەستی پێکرد و پەرەی سەند ماوە ماوە لەدوای یک گۆڕدرا بۆ نوسینی چیلکەیی لەسەر قووڕ و پاشتر ووشک ئەکرایوە و هەڵئەگیرا، شان بەشانی ئەمانەش بۆ خەڵکی نەخوێنەوار لە بازرگان و خانەیان و پاشاکان مۆری خول خولۆکەیی بەکار ئەهێنرا تا شتومەک و نوسراوەکان بناسرێنەوە

لە کوردستان چەندین نووسراو هەن و دۆزراونەتەوە کە لەسەردەمە جیاوازەکاندا بە چەندین زمانی ئەکەدی و ئاشوری و خوری و پەهلەوی و زمانە کۆنەکانی تر نووسراون و بەرهەم هێنراون کە ئێستا لەسەر سەکۆی مۆزەخانەکانی کوردستان و میسۆپۆتامیا و جیهان نیشان ئەدرێن.



شێوازی نووسینی چیلکەیی



مۆری خولخلپکەیی



بۆڵە



دینگەری

# دین و ئاین



موسوڵمان

لە سەردەمانی چاخی بەردیی ناوەڕاست و نوێ بەدواوە واتە لەماوەی زیاتر لە دە هەزار ساڵە لە کوردستان کۆنترین پەرستگا وەک بنکەی مەعرفەی بیر و هزر دامــەزراون و تیایدا خوا پەرستی و ئەستێرەناسی و لێکدانەوەکانی کۆمەڵگایان بەرجەستەکردوە سەرەتا لە بیروڕا سەرەتایەکان و پاشتریش وەک ئایـن و دینەکان لەوانە بیروباوەڕەکانی سروشت و ئەستێرەناسی و پاشتر پیرۆزکردنی ئافرەت وەک ئافراندنی ژیان و تا هاتنی ئاینی خۆریەکۆنەکان و پاشتر



مەسیحیەکان



ئێزدی



یارسانی



موسوڵمان مەسیحیی یەهودی زەردەشتی یارسانی کاکەیی ئێزیدی

دینگەری سۆمەریەکان و بیروباوەڕەکانی میسۆپۆتامیا و زاگرۆس کە میترایەکان و پاشتر یارسانی و زەردەشتی توانیا ببنە پێشەنگی ئاینی لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژ ئاوای سەرگۆی زەوی، دوابەدوای ئەم ئاین و دینە کۆنانە یەهودی و مەسیحی و پاشتریش ئیسلامی لە کوردستان درێژە ئەکێشێ واتە کوردستان لەوەتەی مرۆفی تیا ئەژی ڕۆژێ لەڕۆژان بەبێ پەرستگا و خواپەرستی و دین و ئاین نەبون

دین بڕگەیەکی سۆمەری کۆنە( دینگەر)ە واتە :خوایی ، هەروەها ئاین بڕگەیەکی سۆمەریە و واتای: ئان ( ئاسمان)ە.



ئایینی میترایی



جولەکە



زەردەشتی

# جەژنی نەورۆز

نەورۆز جەژنێکی ئاینی کۆنی کوردیە، بە هەزاران ساڵ پێش مێژووی زاینی خەڵکی شاخەکانی زاگرۆس و دۆڵی میسۆپۆتامیا لە کوردستانی کۆن ساڵانە و لە سەرەتای وەرزی بەهاردا جەژنیان گێڕاوە بۆ ماوەی چەند ڕۆژێ بە بۆنەی هاتنی سەرەتای وەرزی نوێ و ڕۆژی نوێوە ئاگریان کردۆتەوە بە مانای هاتنی ڕووناکی و هەتاوو کۆتاییهاتنی تاریکی زستان و بەستەڵەک، تیایدا پێکهێنانی هاوسەری و ژیانی نوێ دەستی پێکردوە کە تا ئێستا بەردەوامە.
لەلای سۆمەریەکان و شارستانیەتی کۆن بە: (ئێژن زاگ موگ) ناسراوە، لە ئەمڕۆماندا ووشەی (زگماک) واتە لەدایک بوونی سروشتی ئەگەیەنێ بە قسەی ژنانە.
هەروەها ناوچەی لاولاویەکانی سلێمانی کۆن لەلای ئاشوریەکان بە (زاموا) ناسراوە بەهۆی ئەوەی خەڵکی ساڵانە ئاهەنگی گەورەیان بۆ گێڕاوە و ناویان پێ دەرکردوە.
پاشتر ئاینە کۆنەکانی: میترایی و مانی و ئێزیدی و زەردەشتی ڕۆژ و ئاگریان پیرۆز نرخاندوە و لەپاش ئەمانیش لە ئاینەکانی تردا ڕەنگی داوەتەوەو ناوی خواوەند و پەیامبەرەکانیان بە ڕۆژو ڕۆشنایی پێناسە کردوە.
تا جەژنی نەورۆز بە سەرلەبەری ڕۆژهەڵات و ئاسیادا بڵاوبۆتەوە و ساڵانە خەڵکی یادی ئەکەنەوەو ئاگری بۆ دائەگیرسێنن و خۆشی ئەگێڕن.



# ڕەنگ کردن


ئەتوانی لە بوارێکدا ئەم وێنانە ڕەنگ بکەیت وەک پشوویەک.



مێژوونووسی دێرین
شەرەفخانی بەدلیسی



پاشای لاولاوییەکان
ئانوبانینی



شازادە
زەبەزوونە



پاشا تاردۆنی



پاشای مەزن
ئادین سوین

## تێبینی لە سەر وێنەکان و سەرچاوەکانی

دەربارەی سەرچاوەی وێنەکان هەمووی بەگشتی وەرگیراوە ! بەهۆکاری نەبوونی سەرچاوەی دارایی و هەروەها نەبوونی کەسانی پرۆفیشنال و بەتوانا سەرلەبەری وێنە پێویستەکان ئامادەکریت بەیەک شێوازی دەست ڕەنگینی بەپێی پێویستی بابەتەکان و شێوازی هونەری و زانستی ، هەروەها وێنەکان زۆربەی لە سایتی هونەری و زانستیەکانەوە وەرگیراوە کە زۆربەی نازانرێ سەرچاوەکەی لە کوێ و کێوە هاتوە یان دەزگایەک یان کەسێک خوی ئەکات بەخاوەنی کە سەرچاوەکەی نازانن ! بەتایبەت ئەو وێنانەی لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابردو کێشراون یان گیراون یان ماوی سەد سال بۆ حەفتا ساڵ بەسەرچووە! وێنەکانی لاپەڕە ٨-٩ تەنها بۆ گوزارشکردنە لەو سەردەمەو مەرجنیە کە شێوەیان وابوبێت.

سەرچاوەی بیرۆکەی ئەم بەرهەمە بۆ منالەکانم بوو کە لە ساڵی ٢٠١٥ بە کوردی و ئینڵیسی لە فەیسبووک بلاوم کردەوە، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٨ بۆیەکەم جار زانای مێژوی کۆن دکتۆرکۆزاد ئەحمەد قۆناغەکانی مێژوی کۆنی کوردستانی تا کۆتای سەردەمی ساسانیەکانی بڵاوکردەوە لە سەر دیواری مۆزەخانەی سلێمانی هەلواسراوە، هەروەها پێشتر لە سەرەتای نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردوو دکتور تەها باقر هاوشێوەی قۆناغەکانی مێژووی میسۆپۆتامیای بڵاوکردبۆوە کە بەشێوەیەکی گشتی لە نوسەری فەرەنسیەوە وەری گرتبوو: جەرجیس ڕۆکس: لە کتێبە بەناوبانگەکەی ئێراقی کۆن ١٩٦٣ -لەندەن .

سوپاس و دەست خۆشی بۆستافی هاوکار لە کۆکردنەوەی سەرچاوە و وێنەکان و ئامادەکردن و ڕێکخستنی و گونجاندنی بەپێی توانا لەگەل بابەتەکانم

## سەرچاوەکان :


دکتۆر کۆزاد ئەحمەد : (زانای مێژوی کۆن) یەکەم : گۆفاری ژین، دەستە بژاردەیەکی داهێنانەکانی کوردستانی کۆن لە سەردەمانی پێش مێژوودا ٢٠١٤ ؛ دووەم : نەخشەی مێژویی سەر دیوار لە مۆزەخانەی سلیمانی ٢٠١٨ ؛ سێیەم : کتێبی مێژوو: کوردستان لە نیوەی یەکەمی هەزارەی دووەمی پێش زاین٢٠٠٦ .

دکتۆر تەها باقر : مقدمه في تاريخ الادب العراقي القديم، مقدمه في التاريخ العراق.

دکتۆر زاموا: زنجیرە فیلمی دۆکیۆمێنتاری مێژوویی کۆن: زاگرۆسی دێرین، گۆڤاری سۆپارتۆ.

دکتۆر ئوسامە ئەمین : فۆتۆگرافەری ئارکۆلۆجی و پرۆفیسۆر لە چارەسەری دەماغ لە بەری تەنیا . فۆتۆگرافەری ئارکۆلۆجی: ئوسمان تۆفیق. وە فۆتۆگرافەر: جەلال مەجید ئەمین.

دکتۆر نیزاڵ دەروێش: (نضال محمود حاجی درویش)٢٠١٦ ، تمثال و الواح العصر الحجري الحديث ما قبل الفخار فی بلاد الرافدين العليا (٨٧٠٠-٦٨٠٠)قبل میلاد.

لێکۆڵەر هاشم عەبدوڵڵا لەمۆزەخانەی سلێمانی.

دکتۆر صلاح رشید صالحي: العصور الحجريه فی کهوف شمال العراق-بغداد-٢٠٢٠

مۆزەخانەکان : مۆزەخانەی سلێمانی ، مۆزەخانەی هەولێر ، مۆزەخانەی نەینەوا ، مۆزەخانەی عێراقی لە بەغداد ، مۆزەخانەی میللی ئێران، مۆزەخانەی ڕۆژهەلاتی کۆن لە تورکیا ، مۆزەخانەی بریتیش لەندەن ، مۆزەخانەی لۆفەر لە پاریس ، مۆزەخانەی ئیسرائیل-ئورسەلیم، مۆزەخانەی ئەشمولی لە ئۆکسفۆرد-بەری تەنیا.

شێرکۆ عادل دەباغ : کوردناسی و مێژوی قۆناغەکانی ٢٠١٥

Dr.Osame Shukri Muhammed Amin: Archaeological Photographer & Professor of Neurology.

University of Oxford: CDLI–WIKI: cdli.ox.ac.uk/wiki/rulers–of–Mesopotamia.

The Ashmolean Museum Oxford. Book library Manager.

Boneclones.com/product/homo–Neanderthal–shanedar. Unicode utilities: character properties

Earth timeline: a guide of Earths Geological history.

Palaeolithic landscapes of Iran: S.H. Guran2014.

List of Mesopotamian deities–Wikipedia. Warfare–archaeology Magazine.

Early urbanism in north Mesopotamia / springer link.

Sites.utexas.deu/dsb/to kens from accountings' to writing.

Explore Mesopotamia.com/blog/amazing –archaeological–find–Kurdistan.

www.bbc.com/parsian/blog–yarsani. The Israel museum–Jerusalem.

ePSD search for Jen. Alfgrn.Flickr. En.wikipedia.org. Kenneth martin: ourfe, Pinterest. Foto: Les Makamat de Hariri

Search–British Library Images. Sumer–Ancient history Encyclopaedia. www.pinterest.co.uk/pin.

Google images /Google.co.uk/search. Internet archive: archive.org/details.

omniglot.com/writing/Sumerian.htm. Boneclones.com/product/homo–neanderthalensis

en.wikipedia.org; Gary Lee todd,ph.d; Rock relief of Iddin–Sin, king of Simurrum 2000Bce

Nivali chori, Gobekli Tepe : NEOULITHIC, Kartik Tepe: Hauptmann–Schmidt 2007; koksal–Schmidt/2007, vor 12000 Jahren in Anatolian . Photography: Don Hitchcock: don@donsmaps.com

Leinwandbild,The Rock of wan Kurdistan,1901,J,Laurans.www.ranker.com: foto: Lukman/Wikimedia commons.

The Kurdish castle of wan, Meresh, Wan: foundation for Kurdish library museum.

Yermouk miniatures:2015, Matthew Menaught–n+1 Magazine.

Museum foundation for Kurdish library. Muhammad al–Qivam al shirazi 1562 – 83.

Cro–Magnon: population of early home sapiens upper palaeolithic period.

Britannica: Pswycholinguist.steven pinker: early modern humans.

The verge: hairg museum mat Modi filed by: Dr Mike Baxter–Wikimedia Commons.

CH4: nedel–illustrateur.fr; CH5: Les temps prehistorigues,pierre Joubert–prehistorique History

Wallpaperflaer.com: Institute creation research, ravensburger.com

Pangaea: the super continent, from: Wikimedia.com; quora.com: Pangaea; (U.S Geological Survey): the breakup of the Pangaea supercontinent.

Wouderfuloldthings.wordpress; krapina neanderthal museum; www.wsj.com/articles: Johan Taggart for the wall street journal.

Warfare in the Ancient near east to 1600 BC Holy warriors at the Dawn of History By: William.J.Hamblin 2006.

Ancient Iraq: Georges Roux 1980. Royal Ontario Museum, Toronto.

University of Cambridge: Fred Lewsey; Professor Graeme Barker onsite inside shanidar cave.

The University Museum, The University of Pennsylvania, Philadelphia.

Musee du Louver, department des Antiquates Orientals. Frank. J. Swetz: The Pennsylvania state University.

Briscoe Centre for American History. The University of Texas at Austin.

The Harvard University–archaeology Photos. Mae.hy.potheses.org. Strum centre for Jewish studies university of Washington.

Loveproperty.com/gallery list; nationalgeography.com; bookpalace.com; bible history daily; justapinch.com; ancient Mesopotamian bread 2300BC

Merijn van Nuland: The Leiden University, 2019. Metmuseum.org/art: cylinder seal 1650 – 1720

The British Museum – London: Bj945 cuneiform. Listen to reason on: flickr.com

MAA: mathematical association of American: Mesopotamian Accounting Tokens.

Photos of the Dr Emma Pomeroy 2016; professor: Graeme Barker 2014; Fred Lewsey; Cambridge.org/shanidar–cave

Phys.org 2016; history.com; Smithsonian magazine; wonderopolis.org; Russian: live journal; Pinterest; joseph wright. Germany–Benn–don hitchcock2015.

Ralph Sulecki: The first flowers people 1971. P.F Hull: the qumri cave photos 1965.

www.jstor.org/stable–victory–stele–of–utu–hengal . Approaching Monumentality in Archaeology–By: James F. Osborne2014.

Iddi(n)–Sin, king of Simurrum: New Rock–Relief inscription and a Reverential seal 2003.

Arron Shaffer Nathan Wasserman the Hebrew University Jerusalem.Zeitschrift fur Assyriology and vorderasiatische Archelogies Heraus ge geben von Walther Salla Berger in Verbindung mit U.Seidl, G. Withelm.

Posts tagged Kurdistan–imgur.com, 1970 Erbil mamosta Jalal . sweet selfic.com. vector stock.com.

مافی لەبەرگرتنەوەی پارێزراوە

بۆ پەیوەندی کردن:
sherkoedel@hotmail.co.uk